****میدیا کوردییه کان و گێره شێوێنی له زماندا****

رێناس جاف

پرۆسه ی  دیمۆکراتیزه کردنی هه موو کۆمه ڵگه و جڤاکێک له
لای گه لان و نه ته وه کانی ئه م گۆی زه و ییه، پڕ ڕوونه
پێوه ندییه کی ڕاسته وخۆی به بواری میدیایی و پێش خستنی
ئه م به شه وه هه یه.
به رفره یی میدیایی و بایه خ دانان بۆ که لتوور ،زوان و
فۆلکلۆری هه ر ناوچه و ده ڤه رێک له ڕێی میدیای
نه ته وه ییه وه،خاڵێکه ده وڵه مه ند کردنی  که لتووری گشتی
له دوو ده بێت.
له چاخ و خولێک دا ناسێندراوه به چاخی زانست و تێکنۆلۆژیا،
میدیا ده کارێ هه ڵگری شوناسی گه لان و میلله تان بێت.
له ڕێی میدیاکانه وه هه موو گه ل و نه ته وه یێک ، شان به شانی کاروانی
پێشکه وتی گه لانی دی، ڕێ به ره و ئاسۆی ڕوون ده برێت.
له دونیاییێک دا ئینته رنێت، سه ته لایت و ڕادوێ و ته له فزیۆن و میدیاکانی
دیتیاری و بیستیاری دی، حوکمی ده که ن، دیاره
زۆربه ی سات و کاتی خه ڵکیش به ده م سه یرکردن و
گوێ ڕادێرانه وه، ڕاده برێ.
ئه مرۆکه میدیا ئه وه نده له سه ر هه موو بوار و به ستێنێک
کاریگه ر و شوێن دانه ره که له خانه ی ده سته ڵاتی
چواره مدا حسێبی  بۆ ده که نه وه.
به ڵام ئه مه ی کورد هه تا چه نده توانیویه له م ده سته ڵاته
مه زنه بۆ یه کخستنی ڕیزه کانی گه له که ی، که ڵک
وه ربگرێت، دیاره پێویستی به لێکۆڵینه وه ی تایبه ت هه یه.

به داخه وه کورد له به ر نه بوونی حکومه تێکی سه ربه خۆ
هه تا به مرۆ نه یتوانیوه خاوه نی ده زگاییکی سه ربه خۆی
مێدیایی بێت، هه ر له به ر ئه وه ش هه ر پارت و حیزب و
گرووپێک هاتووه و بۆ خۆی له رِێی مێدیایێکه وه،
پرِۆپاگه نده ی بۆ سیاسه ت و هزری حیزبی خۆ کردووه.
به درێژایی دیرۆکی مێدیای کوردی، ئه م چه شنه مێدیانه
که هه بوونه، ئه وه ند له خزمه ت به رژه وه ندی به رته سکی
پارتایه تی و حیزبایه تی دا بوونه، سه ت یه کی ئه وه نده
نه په رژاونه ته سه ر قازانج و به رژه وه ندی گشتی کوردان.
پارت و حیزبه کوردییه کان ئه وه نده سه رقاڵی کار و باری
حیزبی و به لای خۆیانه وه سیاسه تکردن بوونه، هه زار یه کی
ئه وه، لایان له زوان و که لتوور و فۆلکلۆره
ده وڵه مه نده که ی گه له که یان نه کردۆته وه.
ئه مه تازه حسێبی ئه و جۆره مێدیانه یه له ده س کوردان دا
بوونه ، ئیدی بۆ خۆ مامه ڵه ی ئه و مێدیانه لێک بده وه که
حکومه تانی ده سته ڵاتدار و زاڵ به سه ر کوردستانا
له به ر ئامانجه نامرۆڤانی و کرێته کانیان، مێدیای کوردییان
به چ ده ردێ بردووه و وه ک که ره نای پرِۆپاگه نده یی خۆ و له خزمه ت
سیاسه ته بۆگه ن و چه په ڵه کانیان دا چلۆن
ده کاریان هێناون و ئێستاشی له گه ڵ بێت، تۆزقاڵێک بایه خ بۆ زوان، که
لتوور، فۆلکلۆر و هیچ به ستێنێکی دی کوردی، دانانێن.
ئه ی باشه کاتێ کورد ئه مه ی لا روونه، ئه ی بۆچی ئه ویش
هه مان مامه ڵه ی ده گه ڵ کردووه و به له ونێک هه ر
درێژه پێده ری ئه م چه شنه سیاسه ته ی ده سته ڵاتدارانی
زاڵ به سه ر کوردستان بووه؟
بۆچی وه رچه رخانێک له سیاسه تی کوردی دا نابینرێ؟

له به رچی  قازانجی حیزبێک، ده بێ ئه وبه رتر له دۆز و
کێشه ی گه ل و میلله ته که ی بێت؟
ئه مانه و سه دان پرسیاری دی، هه موان ده ردی کاری
ئه وتۆن، ئه مرۆ گه لی کورد به ده سیانه وه ناڵانه .
کورد هه تا کاتێ حسێب بۆ مێدیاییکی سه ربه خۆ نه کاته وه،
دیاره نکارێ ئاستی وشیاری جه ماوه ری کرژتر ڕاپه ڕێنێ و
فره تر وه پێشی بخات.
له کارو باری مێدیایی دا لای هه موان گه لێ خۆیایه، زوان
ده ورێکی سه ره کی ده بینێ. زوان فاکته ر و هۆکارێکه بۆ
لێک نێزیک کردنه وه ی کوردان له هه موو پارچه کانی
کوردستان. زوان پارێزه ری شوناسی کوردیمان و بگره
ده ستکه وته به نرخه کانی خه بات و کۆڵنه دان و شۆڕش و
ڕاپه ڕینه کانیشمانه .
ئێمه ی کورد به هۆی زمانێکی ده وڵه مه نده وه ده توانین
سه ت هێنده ڕاژه و خزمه تی گه له که مان بکه ین.
ڕاسته ئه مڕۆکه کورد خاوه نی زوانێکی پێوه ر و یه کگرتوو
نییه، به ڵام گه ر به گوێره ی ئه و ئه زموونه ی ڕابردوومان،
بجوڵێینه وه و هه ر کامه مان له توانستی زاراوه و
بن زاراوه کانی زمانی کوردی له جێی خۆدا که ڵک وه ربگرین
و ده کاریان بێنین و هه موان هه وڵه که مان
بخه ینه خزمه ت زمانی به ناو پێوه ر، پڕ ئاشکرایه زووتر
به ئه نجام ده گه ین.
که چی به سه ت داخه وه ئه مڕۆکه مێدیا کوردییه کان
بوونه ته جێی ته راتێنی تاقمێکی کوردی نه زان و کاسبکار و
بازه رگانی بێ سه رمایه و هه ر یه که و به مه یلی خۆ،
تێی ئه ته قێنێ و له بن زاراوه که ی خۆ  به و لاتر، هیچ

زاراوه یێکی دی له لا، پێ کوردیتر نییه.
ئه مه یانێ تێکدان و هه ڵته کاندن و شێواندنی سه رخان و ژێرخانی زمان. ئه مه یانێ به فیرۆدانی ره نجی خه باتی سه ت و چه ن ساڵه مان.
هه مان سیاسه ت و کرده ی دزێو و کرێت، نا حه زانی کورد به سه ریاندا هێناوین.
گه ر بۆ خۆ رۆژانه له که ناڵه کوردییه کان ورد ببیه وه و هه ر رۆژه و سه یری یه ک و دوو به رنامان بکه ی، دڵنیام په ی به م حه قیقه ته تاڵه ده به ی و زامی کاریت، دوو هێنده ی دی ده کولێته وه.
ئایا له پشت ئه م گێره شێوێنییه ی زمانییه وه، شوێن پێی ناحه زانی کورد ده بینرێ یان نا، ئه مه بۆ خۆ باسێکی دی هه ڵده گرێ و دیاره پێویستی به ورد بوونه وه ی فره تر هه یه.
کوردێک به درێژایی مێژووی چه ن هه زار ساڵه ی، بۆی نه لواوه قوتابخانه و فێرگه و زانکۆی به کوردی هه بێت، (ئه و کورته هه له ی باشووری کوردستانی لێ ئه وده ر بێت) ئه ی چلۆن ده توانێ له دونیاییکی ته م و مژاوی وه ک بازاڕه هه مه به زمه که ی ئه مرۆدا، ڕوو له زوانێکی یه ککرتوو بکات؟! له کاتێک دا کاربه ده ستانی نێو مێدیا کوردییه کان ، هێشتا ده گه ڵ هه مان بن زاراوه ی گه ڕه که که ی خۆ زێتر، له ته ک هیچ کامه له زاراوه و بن زاراوه کانی ده وڵه مه ندی دی زمانی کوردی، ئاشنا و شاره زا نین.
ئه مانه هه موو ده ردن و هه موو ڕۆژێ سووک و سانا به لایاندا گوزه ر ده که ین.

به ڕاستی گریانی ده وێ بۆ خۆ به ده س خۆ، چی به سه ر
زمانه که مان دا دێنین.
ئه ز نابێژم ئه تۆی کورمانج، منی جاف، فیساری که ڵهوڕ و
زازا و سه ر به زاراوه و بن زاراوه کانی دی ، چ مافمان نییه
به شێوه زاری خۆ بدوێین، لێ ئه ڵێم تۆفیرێک له نێوان
زمانی ئاخاوتنی نێو کووچه و کۆڵان و زمانی فه رمی و
نێو مێدیاییمان، دانێین و لێکیان جوێ بکه ینه وه.
ئه مه کارێکه له هه موو مێدیایێک و لای هه موو گه ل و
نه ته وه یێک ده کرێ.
هه موو وه ر ن به ده کارگرتنی سه دان و هه زاران په یڤ و
ووشه ی ڕه سه ن و ده وڵه مه ندی نێو زاراوه و
بن زاراوه کانی خۆ، زوانی پێوه رمان پێش بخه ین و
خزمه تی به رفره کردن و ده وڵه مه ند کردنی بده ین.
بێتوو هه ر یه که و دیسانه وه به گوێره ی شێوه زاره که ی
خۆ لێی خوڕین، دڵنیام زێتر لێک دوور ده که وینه وه ،
دروس هه ر به و پێیه ی هه تا به ئێستا به سه رماندا
هاتووه و ڕوون نییه چاره نووسی زمانه که مان، به ره و
کامه گێژاو ده چێ.

Renas caf@Yahoo.com